# سێبەری هەتاو
# یان
# نهۆمی دووەمی تەنیایی



**بەرزان هەستیار**

ئەڵمانیا/کۆلن... سێپتەمبەرو ئۆکتۆبەری2003
bhastiar@yahoo.de

درۆ ئەکەم ،گەر فەرمووی ژەمێك هەڵاڵە
لەسەر خوانە ڕەنگاڵەییەکانی تەنیایی خۆم ،لەکەسێ بکەم
تەنیایی شك ئەبەم هەموو تەیرە حەرامەکان بەربدەمە ئاسمانەکەی
تا بە دەنووك ختووکەی لێوی تەنکی ئەستێرەکان بدەن؛
هەموو تۆوە نەفرەت لێکراوەکان بە خاکەکەیدا تەخشان و پەخشان کەم
تا ،لە سەوزبوونا ،کەونم بۆ پڕکەن لە حەڵاڵ
غەدرم کرد ئەو دەمانەی دارسێوەکانی تەنیاییم
بە پەڵە بەردەکانی شیعر ئەتەکاندو
گلەییم لە دڵ ڕەقیی ئەو ئەکرد

**نەمئەزانی ئەو ئەوەندە بەخشندەیە**
**هەر سات بمەوێ گیرفانەکانم پڕئەکات لە هەڵپەڕکێی کیژۆڵان و**
**سەر مێزی نووسینەکەم تژی ئەکات لە کاغەزی سپی**
**من نازانم کام جێ بە قەد سیلەو کووچەکانی تەنیایی قەرەباڵغن**
**کام تاڤگە لەو بەخوڕتر ئەڕژێت و لەو سپی تر ئەچێتەوە!!!**
**بمبەخشە ئەی دلۆڤانترین هاوڕێم**
**ئێمە لە خۆمانەوە لە شەوەکانت ئەترسین**
**دەنا ئەوان لە خەیاڵی منداڵ ئەچن**
**کە بیر لە ئامێزی دایکی ئەکاتەوە**
**دەنا ئەوان ڕووناکن وەك، دێڕە شیعرە چەرمووەکانی پرچی دایکم؛!**
**خەتامان کرد ناومان وەك سۆزانییەك زڕاندی و**
**کەچی بەسەر دەست و پێتا ئەکەوتین....**
**شەوێك لەبەر مانگەشەوی مەمکەکانتا ئازارەکانمان هەڵبخەین؛**
**ئێمە هێشتاکە نازانین کامە دەروازە بەسەر قەرسیلی ڕەهابوونا ئەڕوانێ**
**دەنا کفری نیعمەتی تەنیاییمان نەئەکردو**
**لە سەفەرەکانیشماندا پریاسکەیەکمان لا جێ ئەهێشت بەئەمانەت**
**تالە گەڕانەوەماندا بنەیەکمان لە ئاپوورەی نیشتیمانەکەیدا هەبێ و**
**هەر هیچ نەبێ لە سووچێکدا و لەبن سێبەری هەتاوی**
**میهرەبانییەکەیدا،کەمێك ئارەقی ڕۆژگارە چرووکەکان وشك کەینەوە**

****************

**ئەی تەنیایی، ئەی شۆڕەژنی دەف ژەنی شەوە بخووردراوییەکان**
**تۆ یەکەمین پێغەمبەری بەژن زراڤی ژنیت و**
**منیش یەکەم و، ڕەنگە دوا پیاوی ماندووش بم بکەومە تەهلیلەو**
**شایەتمان بە نوورانێتیی ڕووخسارو**
**فانۆسی داگیرساوی هەر دە پەنجەکانت بێنم؛**
**دەف بژەنە ،حەز ئەکەم هەر تەنیا..تەنیا**
**ڕۆح بەمە بەر تۆف و ڕەهێڵەی وەحشەت و**
**جارێکی تر گومان لە چاومەوە سەر کات**
**حەز ئەکەم لەم نهۆمەوە ،لەم ژوورە بێ دەرگاو بێ پەنجەرەیەوە**
**لە سەوز بوونی هەرێزو**
**لە زەرد هەڵگەڕانی پووش و**
**لەترووکانی هێلکەی ئەو پاسارییانەو**
**خۆ شاردنەوەی کەروێشکێ لە سێرەی تفەنگی ڕاوچی ڕابمێنم**
**حەز ئەکەم لەم نهۆمەوە، شەمامەکانی خەیاڵ**

بەردەمەوە نێو ئەو چەمەی شینایی لە  تخووبەکانی شیعرا جێ ئەهێڵێ،
لەسێبەر ی ئەم هەتاوە فێنکەدا
بوخچە گوڵ گوڵییەکەم هەڵڕێژم و
بە کاوەخۆ  ڕۆژەکان لێك جیاکەمەوە،
لەم نهۆمە  پەمەییەوە...
مەرجانەکانی نێو ئاویش ئەبینم و
فڕینیش نییە نەیناسمەوە،
ئا لێرەوە تەیمانێ نابینم بۆ وەستان
ئاگرێ نییە نەتوانی لە ناویا سەما بکەیت
ئا لێرەوە سەرەتایەك بۆ سەفەرەکان ئەڕژێنە بەر پێکانم،
کۆتاییەك، بۆ کەسیرەبوونی شەقاو